# فۆڵتێر و چاخی ڕۆشنگەری

ن: رامین جەهانبەگلوو
و؛عەتا جەماڵی



بەر لەوەی بچینە سەر باسی ڤۆلتێر، پێویستە پێشەکییەکی کورت لەسەر چاخی رۆشنگەری باس بکرێت. لێرەدا دەبێ وڵامی پرسیارێکی بنەڕەتی بدەینەوە. "رۆشنگەری چییە؟" دەڵێن رۆشنگەری هەندێ تایبەتمەندیی وەک بڕوای تەواو و بێسنووری بە مرۆڤ و بە ئاوەزی مرۆڤ و داهاتووەکوی هەیە. بەجۆرێک کە رۆمانتیزم، دەرەنجامی هەڵوێستەی تاک بەدژی یاسا و سنووردارییە. بەم پێیە، بۆ قسەکردن سەبارەت بە رۆشنگەری، پێویستە دوابەدوا قسە لەسەر راستییەکی مێژوویی و ساغکردنەوەی ئاڕمانی و غایەتگەرایانە بکرێت. قسەکردن لە راستیی مێژوویی لەو رووەوە کە لە چاخی رۆشنگەریدا، زیاتر لە سەت ساڵ چەند گرووپێک لە نووسەر و فەیلەسووفەکان بە شێوەیەکی هۆشیارانە و بەرپرسیارانە کاریان بۆ رۆشنگەری کرد و بە سوود وەرگرتن لە ئاوەزی رەخنەگرانە، هەوڵی ئازادکردنی زەینەکان لە پێشداوەری و باوەڕە خورافییەکانیان دا و لێدوان لەسەر ساغکردنەوەی ئاڕمانی، لەو رووەوەیە کە ئەندێشەکانی چاخی رۆشنگەری، وەک گێژاوێکی راچڵەکێنەر سەرقاڵی گەڕان و ڤەکۆڵین بوون لەسەر پێشنیارە دژبەرەکان لەمەڕ درێژەگرتنی رابردووەکان و روانین لە داهاتوو. بەگوتەیەکی تر، رۆشنگەری لەقاڵبی خشتەیەکی گشتی لە گۆڕانکارییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا بەرجەستە دەبێت. ئەم خشتەیە، هەندێ توخمی وەک ئۆتۆریتەی سیاسی و رۆحیی کڵێسایی، باوەڕە ئایینییەکان، بەرەو پیشچوونی زانستەکان و نافەرمانییە سیاسییەکانی لەخۆدەگرت.

بەکورتی، رۆشنگەری ئوروپایی تایەکی رۆشنبیرانەی رۆحی بوو کە لە نێوەندی سەدەی هەژدەهەمدا لە ئورووپا هەڵایسا و پەرەی ستاند. رۆشنگەری، رەگاژۆی کردە ناو سەلیقە ئەخلاقی و زەینی و جوانیناسانەکانی خەڵک و بەم جۆرە باڵی بەسەر سەرتاسەری جیهاندا کێشا.

ئورووپییەکان لە هەر زمانێکی ئورووپیدا وشەیەکی تایبەتیان هەیە بۆ رۆشنگەری. لە زمانی ئەڵمانیدا سوود لە وشەی Aufklarung وەردەگیرێت کە بەمانای "تۆزتەکێنییە"، فەڕەنسییەکان سوود لە وشەی Le siecle des lumieres وەردەگرن کە بە مانای "چاخی رووناکییەکانە" و ئیتالیاییەکان بە illuminismo ی ناودەبەن. بەم شێوەیە دیاردەی یەکانەی رۆشنگەری لە وڵاتە جیاجیاکانی ئورووپا و بەپێی هەلومەرجە تایبەتییە کلتووری و سیاسی و ئابوورییەکانیان ، بیچمێکی تایبەتیی بەخۆوەگرت. فەڕەنسییەکان کە رۆڵێکی گرینگ و چارەنووسسازیان لە رۆشنگەریدا گێڕا، وشەیەکی تریان بۆی دانەتاشی. ئەوان دەیانتوانی وشەی eclaircissement لە بەرانبەر وشەی Aufklarung بەکاربهێنن، بەڵام وایان پێ باشتر بوو کە هەمان وشەی کە بەمانای چاخی رووناکییەکان بوو بەکار ببەن. نوێنەرانی رۆشنگەری زۆرن و ژمارەیان لە توانای هیچ پێڕستێکدا نییە. بەڵام لێرەدا، دەکرێ ئاماژە بە ڤۆڵتێر، مۆنتسکیۆ، رۆسۆ، دیدرۆ، کۆندرۆسێ و کانت و هیوم بکرێت.

رۆشنگەری لە چ کاتێکەوە دەستیپێکرد؟ ئەگەر ئێوە سکاتلەندی بن دەڵێن لە 1739 واتە ئەو کاتەی تێزەکەی هیوم "سەبارەت بە سروشتی مرۆڤایەتی" بڵاو بۆوە. بەڵام ئەگەر فەڕەنسی بن، بەدڵنیایی دەسپێکەکەی بۆ ساڵی 1734 واتە ساڵی بڵاوبوونەوەی "نامە فەلسەفییەکانی"ی ڤۆڵتێر، دەگەڕێننەوە. ئەڵمانییەکان، ساڵی 1781 پەسند دەکەن، چونکە لەم ساڵەدا بەرهەمی فەلسەفیی کانت لەژێر ناوی "رەخنە لە ئاوەزی پەتی" بڵاو بوویەوە. کانت لە 1784 لە وڵامی پەسیاری رۆژنامەیەکی ئەڵمانیدا کە: "رۆشنگەری چییە؟ " گوتی: رۆشنگەری، دەرچوونی مرۆڤە لە گچکەییەکی خۆخواستە" بەواتایەکی تر، ئەوەی کانت دەیویست بیڵێ ئەمەبوو کە: رۆشنگەری نیشاندەری گەشەکردوویی و پێگەیشتوویی مرۆڤە و لەراستیدا شۆڕشی مرۆڤە بەدژی هەموو دەمارگرژییەکان و مەعریفەیەکە لە بازنەی مەعریفەی مرۆڤدایە.

دەکرێ چاخی رۆشنگەری بکرێ بە دوو بەشەوە:

1. نێوان ساڵانی 1680 و 1745. لەم قۆناغەدا کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕیی مەزن لە روانگە و دیدگاکاندا روویدا و یەکەم رووبەرووبوونەوەکان لەگەڵ دەسەڵات دەستیپێکرد.
2. نێوان ساڵانی 1746 و 1770. لەم قۆناغەدا گەورەترین بەرهەمەکانی سەدەی هەژدەهەم بڵاو بوونەوە و قوتابخانە فکرییەکان هەندێ تایبەتمەندیی وردتریان بەدەستهێنا.

لە دوو دەیەی پاش ئەم قۆناغانە، ئێمە رووبەڕووی بڵاوبوونەوەی بەرفراوانتری ئەندێشەکان و رووداوانی شۆڕشی فەڕەنسا و ئەمریکا دەبینەوە. ڤۆڵتێر لە راستیدا پەیوەندیی بەهەرکام لەو دوو قۆناغەوە هەیە. ئەو لە نۆڤەمبەری 1694 لەدایکبوو و لە 1778 کۆچی دوایی کرد. ناوە راستەقینەکەی، "فرانسوا ماری ئارۆئی" بوو. ئەو منداڵی پێنجەمی "ماری مارگارێت" بوو بەداخەوە هیچکەس نازانێ ناوی "ڤۆڵتێر" لە کوێوە و لە کەنگێوە لەسەری دانراوە. بەڵام چەند ئەگەرێک لەو بارەیەوە هەیە:

1. یەکیان ئەوەیە کە ئەو ناوە پەیوەندیی بە پێگەی بنەماڵەیی ئەوانەوە هەبێت.
2. نووسەرێک ئەم ناوە دەگەڕێنێتەوە بۆ "ڤۆڵتێرا" لە ئیتالیا.
3. یەکێک لە شارەزایانی بەرهەم و ژیانی ڤۆڵتێریش لەو باوەڕەدایە کە ناوی ڤۆڵتێر لە ناوی شاری airvault وەرگیراوە.

لەهەرحاڵدا ئەم ناوە، سەرلەبەری ژیانی ڤۆڵتێری گۆڕی و چارەنووسێکی پڕشنگداری هێنایە سەر رێی. ئوسقۆفی سەردەم، بە ناشیرینی ناوی ڤۆڵتێر دێنێت و ڤتڵتێر لە وڵامدا، ئەم ئەریستۆکراتە ملهوڕە بانگهێشت دەکات بۆ شەری بەرانبەری دەستەویەخە، بەڵام ئەو ڤۆڵتێری لە بەندیخانەی "باستیل" کرد. ڤۆڵتێر پاش شەوێک لە پاستیل رزگار بوو، بەڵام لەوێوە یەکراست بۆ ماوەی سێ ساڵ دوورخرایەوە بۆ ئینگلستان. ئەم سێ ساڵە لە بەهرەدارترین و گرینگترین قۆناغە ئەزموونییەکانی ڤۆڵتێر دێنە ئەژمار. هەندێ لە رافەکارانی ڤۆڵتێر لەو باوەڕەدان کە ئەوەی ڤۆڵتێری کردۆتە بیرمەندێکی لیبراڵ، ئازادیخواز و بەرگری مافی تاکی و دژ بە دەمارگیری، لەراستیدا کاریگەریی ئینگلستان بووە لەسەر ژیانی ئەو. بەهەرحاڵ ڤۆڵتێر بەقوولی کاریگەری لە دوو ژێدەرەوە وەردەگرێت:

1. ڤۆڵتێر کەوتوتە ژێر کاریگەریی "ئازاد ئەندێشە" ئینگلستانییەکانەوە.
2.لەپاش پێگەیشتنی فکریی خۆی، لە کۆمەڵگەی فەڕەنسادا ژیا و کاریگەریی لە بیرمەندە فەڕەنسییەکان وەرگرت.

بەم پێیە ڤۆڵتێر قەرزداری ئەندێشە ئینگلیزییەکانە و لە جەمسەرێکی ئەم پرۆسەی ئەندێشەیەدا جێی گرتووە. ئەو لەلایەکەوە پڕشنگی نوێی هەتاو و لەلایەکی ترەوە تاریکییەکانی شەوی دەبینی. ئەو دوو ئاراستەییەی ڤۆڵتێر لەو رووەوەیە ئەو لەژیانی خۆیدا، گرفتی هەبوو بۆ نووسین سەبارەت بە تەوەرە مەزهەبییەکان و رەواییدان و هەڵکردن. لە ئینگلستان تەوەری هەڵکردنی مەزهەبی لە گرینگترین تەوەرەکانی رۆژ بوو.

لەدرێژەدا ڤۆڵتێر بۆ بەرگری لە ئەندێشە سیاسییەکانی خۆی، بە توندی پشتی بە نەریتی فەیلەسووفە لیبراڵ و ئینگلیزییەکان و بەتایبەت سێ کوچکەی، "بیکەن"، "لۆک" و "نیوتۆن" بەستبوو. ڤۆڵتێر بۆ یەکەمجار لە ئینگلستان لەگەڵ هەندێ بابەتی وەک "ئیمان لە زانستدا"، "هیوا لە ئاوەزدا" و "ئەوین لە ئازادیدا" ئاشنا بوو. ئەوە گرینگە ئاماژە بکەین ڤۆڵتێر داهێنەری ئەم هزرانە نەبوو، بەڵکوو شیکەرەوە و جاڕدەریان بوو. ئەو خۆی هیچکات خۆی پێ فەیلەسووفێکی پرۆفیشناڵ نەبوو، بەڵام نازناوی راڤەکاری فەلسەفە، رۆشنگەری و زانایی، شیاوی خۆیەتی. بەبۆچوونی ڤۆڵتێر، هزرین، قەیرانی دروست نەکردووە.

1. بەپێی روانگەی ڤۆڵتێر، "فرانسیس بیکەن" مێتافیزیکی تووشی قەیران کرد و ئاگایی و ویژدانی مرۆڤەکانی بەخەبەر هێنا.
2. هەر بەم شێوەیە، نیۆتۆن بە جێگەگیرکردنی تیۆرییەکی زانستی، روانگەی ئەرەستوویی بۆ جیهان، بەتەواوی تووشی قەیران کرد.
3. بەڵام فەیلەسووفی جێی سەرنجی ڤۆڵتێر، "جۆن لۆک" بوو کە سەلماندبووی ئەندێشە قەبوڵکراوەکانی زۆرینەی فەیلەسووفە پێش مۆدیرنەکان، بێبنەمایە.

بەبۆچوونی ڤۆڵتێر، روانگەی "لۆک" سەبارەت بە مەعریفە، کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر ئایینناسە بیروشکەکان دانا، کە پێداگرییان لەسەر ئەو باوەرە پووچەڵە دەکرد کە هەبوونی رۆحێکی نەمر، پرەنسیپێکی تەواو قەبووڵکراو و جێگیرە. بەڵام بەبۆچوونی ڤۆڵتێر، روانینی ئەزموونی و زانستی بۆ مەعریفە، مەرج نییە دژە مەزهەبی بێت.

ڤۆڵتێر روانگەیەکی ئازاد و ئەخلاقیی هەبوو بۆ خودا و مەزهەب. ئەو خودای بە سەعاتچییەکی پیرۆز دەزانی کە خودای نەزم و ئەوینە و خودایەکە کە ئەمری کردووە بە مرۆڤەکان خۆشەویستییان بۆیەک هەبێت. لەلای ڤۆڵتێر، هەبوونی خوداوەند، ئەرکێک دەخاتە ئەستۆی گشت مرۆڤەکان بۆ ئەوەی پەی بە بچووکیی خۆیان ببەن و هاوکات بڕوا بێنن بە برایەتیی خۆیان. مەعریفەی مرۆڤیش بەنۆبەی خۆی، پاساوی پێویستی هەڵکردن و بەرەوازانینی دوولایەنە، دەستەبەر دەکات. لەم رووەوە، بەرای ڤۆڵتێر، هەڵکردن بە هەمان ئەو رادەیەی ئامانجێکی سیاسییە، ئەرکێکی ئایینییشە. هەڵکردن، وڵامە بۆ ئەو پرسیارەی: مرۆییترین شت لە گەوهەری مرۆییدا چییە؟ بەبۆچوونی ڤۆڵتێر، هەر تاکیک، بەبیانووی ئەوەی باوڕێکی پێچەوانەی ئەوی هەیە، کەسێکی تر ئازار بدات، دڕندەیە.

لەم رووەوە، ڤۆڵتێر خەڵک گاز دەکات بۆ هەڵکردن لەگەڵ یەکدیدا. چونکە هەموان بەردەوام لەبەردەم گۆڕان و هەروەها هەڵەدان. بەڵام، هەڵکردن، میوەی دەرک و تێگەیشتنی ئاوەزمەندانەی مرۆڤە لە دۆخی خۆی و ئەمە خۆی ئەنجامی ئایینی سروشتییە. کەواتە، خودایەک کە هەندێ رێسای وەک هەڵکردنی بەسەر مرۆڤدا فەرز کردووە، پێکهاتەیەکی مێتافیزیکی نییە بەڵکوو خودایەکی راستەقینەیە. هەر لەم رووەوە، ڤۆڵتێر وەک رەخنەگرێکی ئازاد، مەسیحییەتی بە دوژمنی ئایینی راستەقینە زانیوە. لەڕوانگەی ئەوەوە، مەسیحییەت مەترسیدارە لەبەر ئەوەی ژێدەریکە بۆ بێنەزمی و هەروەها بڵاوکردنەوەی خورافە. ڤۆڵتێر، خورافە بە توخمێک دەزانێ کە خواست و پاڵنەرە ئایینییەکان لەناو دەبات و دەمارگیریش نەخۆشییەکی ئایینییە. بەم پێیە، هەرچەند خورافەباوەڕی کەمتر بێت، دەمارگیریش کەمتر دەبێت و لە ئەنجامدا، مەترسی و کارەساتی کەمتر دێنە پێشەوە. بەم شێوەیە، بەبۆچوونی ڤۆڵتێر، ئەو کەسایەتییە دەوڵەتییانەی بەتەمای ریشەکێشکردنی دەمارگیرین، سەرەتا دەبێ خورافە ریشەکێش بکەن و تەنیا رێگەی پێشڤەچوونی ئەم کارە، بڵاوکردنەوەی بەرهەم و ئەندێشەی فەیلەسووفانی رۆشنگەرییە و ئەمە خۆی هەرچی دۆگمایە پووچەڵدەکاتەوە. بەم پێیە، روانگەی مەسیحی بۆ مرۆڤ، کە ڤۆڵتێر لە پڕۆسەی خودئاگاییدا بە ناکارامە و بەتاڵی دەزانی، لە پێچەوانەی فەلسەفەی رەواقی، لەزەمینەی سەربەستی، بەرپرسیارێتی و کەرامەتی مرۆییدایە.

هەر لەبەر ئەمەیە ڤۆڵتێر، "ئیپیکتۆس" بە فەیلەسووفی خۆشەویستی خۆی دەزانێت و بەناوی ئیمپڕاتۆری خۆشەویست باس لە "مارکۆس ئۆرلیۆس" دەکات و وەک نموونە و سەرمەشقێکی راستەقینە بۆ شکۆی پاشایەتی، پێناسەی دەکات. فەلسەفەی رەواقی، بە پێداگری لەسەر ئەندێشەکانی یەکسانی، بەهای یاسایی (شایستەسالاری و گرینگایەتی ئەرک و بەهادان بە کۆمەڵگەی ئازاد لەوێدا)، لە پایەکانی ئەو فەلسەفە کۆمەڵایەتییەیە کە لەلایەن ڤۆڵتێریشەوە پەسندە. هەندێ شۆپی تری فەلسەفە و ئەندیشەی رەواقیش لە فەلسەفەی سیاسیی ڤۆڵتێردا هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی یاسای سروشتی. پێداگریی ڤۆڵتێر لەسەر یاسای سروشتی بە چەشنێکە کە دەشێ وەک بەرنامەیەکی سیاسی لەبەرچاو بگیرێت:

1. یاسای سروشتی بریتییە لەوەی ئێمە لەبەر لاوازی و نەزانییەکانمانەوە لەیەکتر دەبوورێین و ئەمە یەکسانە لەگەڵ هەڵکردن و رەواییدان. بەبۆچوونی ڤۆڵتێر، رەواییدان، مرۆڤ دەگەیەنێتە توانای ژیانێکی بەختەوەرانە و شەرافەتمەندانە.
2. چەمکێک کە لە فەلسەفەی سیاسیی ڤۆڵتێردا گرینگە، "حاکمییەتی یاسا"یە. بەبۆچوونی ڤۆڵتێر، ئازادی بریتییە لە وابەستەبوون بە یاسا و بەجێهێنانی. بەم پێیە، ئەو وڵاتانەی یاسا تێیاندا حاکمە، وڵاتانێکی ئازادن و هەر لەبەر ئەوە ڤۆڵتێر داوا لە خەلکی فەڕەنسا دەکات لاسایی خەڵکی ئینگلستان و هۆڵند و سویس بکەنەوە.

بەم شێوەیە دەبینین ڤۆڵتێر گرینگایەتیی سیاسی و دەروونناسانەی حاکمییەتی یاسای بەتەواوی پێزانیوە. لەڕوانگەی ڤۆڵتێردا، یاسا رێنوێنێکی ئاوەزییە لە جیهانێکی بەتاڵ لە ئاوەزدا. چونکە یاسا یارمەتیی مرۆڤەکان دەدات بۆ ئەوەی پێشبینیی پاشهات و ئەنجامەکانی کردارەکانیان بکەن. بەبۆچوونی ئەو، لە ئینگلستان بەهۆی حاکمییەتی یاساوە، هەر کەسێک دەزانێ چی هەیە، ئەرکی چییە و دەتوانێ چیبکات. چونکە هەمووکەس و هەمووشت، لە پاشاوە بگرە تا کلێسا، بەپێی یاسا و لەژێر سێبەری یاسادان. بەم پێیە، قسەکەی ڤۆڵتێر بەتەواوی روونە. ئەو ستایشی هاوسەنگی لە دەسەڵاتدا دەکات و لەو باوەڕەدایە کە سیسیتەمی ئینگلستان، لەو قۆناغەدایە. ئەو ستایشی یاسای بنەڕەتیی ئینگلستانیش دەکات چونکە بێدادگەری و بێنەزمییەکانی ناوخۆی کەمکردۆتەوە. بەم پێیە، بەڕای ڤۆڵتێر، ئینگلستان بەپێچەوانەی فەڕەنسا وڵاتێکی ئازادە: "ئازادیی ئەندێشە، ئازادیی کردەوە، ئازادیی داهێنان".

کاتێ ڤۆڵتێر لە ئازادی دەدوێت، لەڕاستیدا ئەو سنووربەندییە کلتووری و سیاسییەی لە فەڕەنسا دیتوویەتی، دەداتە بەر رەخنە. لە فەڕەنسای سەردەمی ڤۆڵتێردا، هونەرمەند بە لۆتی دەزانرا. ئەوان بەپێچەوانەی هونەرمەندانی ئینگلستان رێز و حورمەتیان نەبوو و رێگەیان پێنەدەدرا بۆ گەیشتن بە پلە و پایە دەوڵەتییەکان. نووسەرانی فەڕەنسا بە ئاژاوەگێڕ دادەنران، چونکە تاوانەکەیان ئەوە بوو خەڵکیان هان دەدا بۆ بیرکردنەوە لەخۆیان و بۆخۆیان و ئاگاداریان دەکردنەوە لە ملکەچی و پەیڕەویکرنی کوێرانە لە حاکمییەت.

ئەم روانگەیە دەمانگەیەنێتە چەمکی دەوڵەت لە چاوی ڤۆڵتێردا. فەلسەفەی سیاسیی ڤۆڵتێر هەماهەنگە لەگەڵ پڕەنسیپی دیموکراسیدا، چونکە لەو باوەڕەدایە هەبوونی دەوڵەت بەهۆی شارۆمەندانیەوەیە و بەپێچەوانە سیاستەمێکی ئۆتۆریتەخوازە کە لەوێدا هەبوونی شارۆمەندان بەهۆی هەبوونی دەوڵەتەوەیە. بەگوتەیەکی تر، ڤۆڵتێر، تاک بە تاکە توخمی شیاو دەزانێ لە رێکخراوێکی کۆمەڵایەتیدا. بەم پێیە، ئەرکی دەوڵەت، ئامادەکاریی ئازادی و ئاسایشە بۆ تاک و لە بەرانبەر ئەوەدا، تاکیش پشتگیری لە دەوڵەتی خۆی دەکات و پێی وەفادارە. بەم پێیە هەرچەندە لایەنی باشەی ئەم کارلیک و خزمەتە دوولایەنەیەی نێوان دەوڵەت و شارۆمەند زیاتر بێت، ئەوان لە پڕۆسەی پەیوەندییە سیاسییەکانی خۆیاندا سەرکەوتووتر دەبن. کەواتە ڤۆڵتێر، (کۆماری)، بە سروشتیترین و باشترین چەشنی حاکمییەت دەزانێ. کە زیاترین توانای هەیە بۆ گەیاندنی مرۆڤەکان بە یەکسانیی سروشتی چونکە بەبۆچوونی ئەو، کۆماری دەوڵەتێکی سەربەخۆی خەڵکییە و دەرکەوتی سیاسیی یاسای سروشتییە. کۆماری دەبێ خاوەنی دەڵەتێکی بەهێز بێت کە بەمەبەستی بەکارهێنانی پرەنسیپەکانی دیموکراسی لە پەیوەندییە مرۆییەکاندا سوود لە هێزەکەی خۆی وەربگرێت. بەڵام ئەگەرچی پێشنیاری (حکوومەت بۆ خەڵک) دەکات بەڵام نەک بەهۆی خەڵکەوە یان هەڵقولاو لەوانەوە چونکە پیی وایە ئەو چەشنەیان زۆر ئاڕمانی و یۆتۆپیاییە. هەر لەبەر ئەوە، ڤۆڵتێر باوەڕی وایە رۆشنگەری بزووتنەوەیەکە کە لە چەمکی حاکمییەت و سەربەستییەوە دەستی پێکردووە. هەروەک پێشرە باسکرا، چەمکی یاسای سروشتی لە روانگەی ڤۆڵتێرەوە، ئەوە دەخوازێ کە مرۆڤەکان یارمەتیی یەکدی بدەن. رێکخراوی سیاسی، ئەرکی پاراستنی ئازادی، ئاسایش و داراییەکانی گشت تاکیکی لە ئەستۆدایە. بەم پێیە، حکوومەت هەرچەند زیاتر لە خزمەت خەڵکدا بێت،

بەرپرسانی دەوڵەتیش زیاتر هاوئاهەنگ دەبن لەگەڵ مافە سروشتییەکاندا. یاسا دەستکردەکانی مرۆڤیش هەرچەند نزیک بن لە یاسای سروشتی، ژیانی مرۆڤ زیاتر تەحەممول دەکرێت. بەبۆچوونی ڤۆڵتێر، تەنیا لەیەک حاڵەتدا یاساکان بۆ دەستەبەر و پاراستنی بەرژەوەندییە دنیاییەکانی شارۆمەندان گەلاڵە دەکرێت و ئەویش لە حاڵەتێکدایە کە دەسەڵاتی کڵێسا و دەوڵەت لێک جیا ببنەوە. چونکە ئامانجی دەوڵەت دەستەبەرکردنی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی کاتیی خەڵکە، لەحاڵێکدا کڵێسا ئامانجی رزگاریی رۆحیی مرۆڤی هەیە لە مەلەکووتی ئاسمانیدا. کەواتە بەبۆچوونی ڤۆڵتێر، هەقیقەتی بوونی کڵێسا دەبێ بۆ یارمەتیدانی دەوڵەت بێت لە دەستەبەر کردنی بەختەوەری گشتیی خەڵکدا. ئەم بۆچوونە بەو مانایەیە کە ڤۆڵتێر پێگەی کڵێسا بە نسبەت دەسەڵاتە دنیایی و کاتییەکان، بە پەراوێزی دەزانێ. بەڵام ئەم گۆڕانی پێگەیە تەنیا لەرێگەی بەربەرەکانێ کردن لەگەڵ خورافە و دەمارگیرییەوە دەشێ. هەر لەم رووەوەیە کە ڤۆڵتێر هەڵکردن و رەوایی دان لە ئاییندا، ئازادیی رادەربرین و ئازادیی چاپەمەنی بە کلیلی ژیانی شارستانی و گەرەنتیی ئازادیی تاکی دینێتە ئەژمار.

ڤۆڵتێر لە بەرگی مرۆڤ باوەڕێکدا، چەمکی رێز و کەرامەتی مرۆیی زۆر بەرزتر لە گشت چەمکەکانی تری وەک نەتەوە، دەزانی. بەگوتەیەکی تر، بەڕای ڤۆڵتێر، گشت مرۆڤەکان یەکسانن، چونکە هەموویان بە چەشنێکی یەکسان مرۆڤن. کەواتە، یەکسانی مەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە و هەروەها دەرەنجامی بەرهەڵستکارییە مرۆییەکانیش هەیە. کەواتە ئەرکی دەوڵەتی رۆشنگەری، تێگەیشتن لەم خاڵەیە کە هەموو شارۆمەندان بە یەکسان مرۆڤن، تەنانەت ئەگەر رۆڵی جیاوازیان هەبێت لە کۆمەڵگەدا.

بەکورتی ئەوەیکە، ڤۆڵتێر بەردەوام دەرگیر بووە لەگەڵ سیاسەتی پراکتیکیی سەردەمی خۆیدا و هۆکاری سەرەکیی ئەوەیکە بۆچی ناوی ئەو ئاوێتە کراوە لەگەڵ شۆڕشی فەڕەنسادا، هەر ئەوەیە. گومانێک لەوەدا نییە کە ڤۆڵتێر دیارترین کەسێک بوو کە رێگەی بۆ شۆڕشی فەڕەنسا ئاوەڵا کرد. بەڵام هەڵەیە ئەگەر پێمان وابێت ئەو پێشبینیی شۆڕشەکەی کردبوو یان ئەوەی پشتگیریی لێدەکرد. بەپێچەوانە، ئەو بە دیتنی ئەوەیکە ئەریستۆکراسیی فەڕەنسا بەهۆی شۆڕشی ناوخۆییەوە بە قورسی هەرەس دێنێت رادەچڵەکا و هەراسان دەبوو. هۆیەکەشی سادەیە، چونکە ئەگەرچی ڤۆڵتێر هەژاری و بێدادگەری مەحکووم دەکات، بەڵام باوەڕیکی بە حەشامات نەبوو. ئەو خوازیاری ئەوە بوو کە ئاریستۆکراسی، ئاسانگیرییەکی زیاتر لەخۆی بنوێنێت و هاوکات دژی حکوومەتی حەشاماتیش بوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ڤۆڵتێر نوێنەری راستەقینەی سەردەمی خۆی، واتە چاخی رۆشنگەرییە. هەر لەبەر ئەوەیە سەدەی هەژدەهەم زۆرجار بە سەردەمی ڤۆڵتێر ناودەبەن. واهەست دەکرێ کە ڤۆڵتێر هێشتا هەندێ بەهای هەن کە بەکاری سەدەی ئێمەش دێن. لەچوار خاڵدا، ڤۆڵتێر هێشتا سەردەمییە:

1. یەکانگیریی دوو کلتووری مرۆیی و زانست.
2. بەربەرەکانێ بەدژی دۆگما و دەمارگیری.
3. رەخنە لە کۆمەڵگە یۆتۆپیایی و خەیاڵییەکان. دروشمی کاندیدا ئەمەیە: "چاکسازی بکە، ئاڕمانی مەکە"
4. داکۆکی لەسەر هەندێ بەهای وەک شایستەیی ئاوەز، هەمبەستەیی و رەواییدان.

پۆل والری، شاعیری ناوداری فەڕەنسی لە 1994 سەبارەت بە ڤۆڵتێر گوتوویەتی: " ڤۆڵتێر زیندووە، ڤۆڵتێر دەژی، ئەو زەمەنی گشت زەمەنەکانە."